


# هاندێکی نوێی سۆنی ئەریکسۆن تایبەت بە یاری ئەلکترۆنی

کۆمپانیای سۆنی ئەریکسۆن کە پێشووتر یەکێك بوو لە کۆمپانیا بەهێزەکانی بەرهەمهێنی مۆبایل و لە دوو کۆمپانیای سۆنی ژاپۆنی و ئەریسکۆنی سویدی پێکهاتبوو، لەم دواییەدا کۆمپانیاکان لێکجیابوونەوە، بەڵام بەرلە جیابوونەوە لە بەرهەمهێنانی مۆبایلدا، مۆبایلی هۆشمەندی بەهێزیان خستە بازاڕ، یەکێك لە مۆبایلە هۆشمەندەکان مۆبایلی Xperia playیە. هاندی هۆشمەندی ناوبراو بەپێی کۆمپانیای بەرهەمهێنی باشترین هاندی هۆشمەندی کۆمپانیاکەیە و وەك باشترین هاندی تایبەت بەگەمە لە جیهاندا دەیناسێنێ. بەپێی دیزاینی هاندەکە کاتێك لێکدەکرێتەوە بەشی تایبەت بەگەمەی هاندەکە دەردەکەوێت، لەو هاندەدا نزیکەی ١٥٠ یاری ئەلکترۆنی هەیە.

# چەند زانیارییەک لەبارەی پرۆگرامـی Neroوە

بۆ ئەوانەی شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە کۆمپیوتەریش نەبێت، دەزانن پرۆگرامی فۆتۆشۆپ و پرۆگرامی Nero چ پرۆگرامێکن، فۆتۆشۆپ وەك بەهێزترین پرۆگرامی گرافیکی و Neroش وەك باشترین پرۆگرامی کۆپی کردنی DVD ،CD. بە هەموو جۆرەکانی دەگ و رەنگ و داتاوە. لەم بابەتەدا ناچمە سەر بوارە زانستییەکەی سوود وەرگرتن لە پرۆگرامی Nero، لە نوێترین ڤێرژنی پرۆگرامەکەدا زۆر ئاسانکاری کراوە تەنانەت بەکارهێنەری زۆر سەرەتایش دەتوانێ بەکاری بێنێ. بەشێك لەو فەرمانانەی کە لە Neroدا پێویستە بیزانن.

CD Data یا Data DVD: بە هەڵبژاردنی ئەو فەرمانە دەتوانی هەموو جۆرە فایلێك لە DVD یا CDدا کۆپی بکەی و لە هەموو ویندۆزێکیشدا سوودی لێوەربگری، ئەو فەرمانە زیاتر بۆ فایلی تێکەڵاو دەچێت، وەك وێنە، مۆزیك، فیلم..تاد.

CD Music: بە داگرتنی ئەو فەرمانە دەتوانی فایلە دەنگییەکان لەسەر CD یا DVD خەزن بکەی.




Video CD: تایبەتە بە رایتکردنی فیلم لەسەر CD یا DVD کە لە گشت ئامێرێکی بڵاوکردنەوەی DVD یا CD سوودیان لێوەردەگیرێت. فەرمانی DVD-Videoش هەر ئەو ئەرکە جێبەجێ دەکات.




# ئایا کتێبی ئەلکترۆنی شوێنی کتێبی کاغەز دەگرێتەوە؟

خوێندنەوەی کتێبی ئەلکترۆنی ناگاتە دەیەیەك کە پەرەی سەندووە و لە راستیدا دەکرێ بڵێین لە دوای ساڵەکانی ٢٠٠٥ بەدواوە و بەدوای بەرهەمهاتنی تەکنەلۆژییەك بۆ خوێندنەوەی کتێبی ئەلکترۆنی و هەروەها بەدوای بەرفرەبوونی کۆمپیوتەر وەك ئامێرێکی گرنگ بۆ تاکەکەسەکان پەرەی سەند.

بەپێی توێژینەوەیەك کە لەلایەن بنکەیەکی توێژینەوەی ئەمەریکی لەسەر هاووڵاتیانی ئەو وڵاتە ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە کە خوێنەری کتێبی ئەلکترۆنی زۆرترە، لەو توێژینەوەیەدا کە لەسەر ٢٠٠٠کەس ئەنجامدراوە بەشێوەیەکی گشتی هەرکامیان ٢٤ کتێبی ئەلکترۆنیان لەساڵدا خوێندۆتەوە، بەڵام خوێنەری کتێبی کاغەز بەشێوەیەکی گشتی ١٥ کتێبیان خوێندۆتەوە. ئەوانەی کتێبی ئەلکترۆنیان خوێندۆتەوە لەسەر چ ئامێرێك خوێندوویانەتەوە؟ ٤٢٪ لە سەر کۆمپیوتەر کتێبیان خوێندۆتەوە، ٤١٪ لەسەر ئامێری کتێبخوێندنەوەی ئەلکترۆنی خوێندوویانەتەوە. ئەوانی تریش لەسەر مۆبایل خوێندوویانەتەوە. خوێنەری بەڕێز ئێوە لە ساڵی رابردوودا چەند کتێبتان خوێندۆتەوە، کتێب خوێندنەوە بەشێوەی ئەلکترۆنی لەلات چێژی زیاترە یان کتێب خوێندنەوەی ئاسایی..

# بەچی بزانی هاندی مۆبایلەکەت ئەسڵییە؟



کۆمپانیا چینییەکانی بەرهەمهێنانی مۆبایل گرفتێکی سەرەکیان لە جیهانی مۆبایلدا دروست کردووە، چونکە زۆر بە زەحمەت لەگەڵ هاندە ئەسڵییەکان لێکجیادەکرێنەوە، هەر وڵاتی چین نییە کاری ساختەیی لە تەکنەلۆژیادا دەکات، بەڵام وەک پەندی کوردی دەڵێت: هەر ناوی گورگ بە خراپ رۆیشتووە. بۆ ئەوەی کە بزانی مۆبایلەکەت هی کۆمپانیایەکی ناسراوە یان تەقلید و لاساییە بە چەند شێوازێك دەتوانی لێکیان جیاکەیەوە.

١- کۆدی (*#٠٦#) لێبدە، ئەو ژمارە IMEI دەردەکەوێت گەر لەگەڵ ژمارەی کارتۆنی مۆبایلەکە، یان ژمارەی ژێر باترییەکە یەك بوون، ئەوە ئەسڵییە. ئەگینا تەقلیدە.

٢- هەر وڵاتێك بارکۆدێکی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆ نموونە بارکۆدی کەلوپەلی چینی بە ژمارەی ٦٩٠، ٦٩١، ٦٩٢ دەست پێدەکات، ئەگەر سەرەتای ژمارەکە ئەوە بوو بزانە ئەوە هی وڵاتی چینە.

٣- بەڵام باشترین شێواز ئەوەیە سەر لە سایتی www.numberingplans.com بدە و لەودا لە بەشی Number analysis tools بۆکسێك هەیە کە دەتوانی ژمارەی IMEI لێبدەی. کە لێتدا ئەگەر ئەسڵی پێت دەڵێت مۆبایلەکەت هی چ وڵاتێکە و ساڵی چەند دروست کراوە و مۆدێلەکەی چییە.

# کامێرایەک تایبەت بە وێنەگرتنی هەسارە و ئەستێرەکان



گەر تۆ یەکێك بی لە لایەنگرانی زانستی ئەستێرەناسی، یەکێك لە هۆگرییەکانت سەیرکردنی ئاسمان و ئەستێرەکان وێنەگرتنیانە. بەڵام وێنەگرتنی هەسارە و مانگ و ئەستێرە بە کامێرایی ئاسایی ناکرێت و وێنەکان بۆ سوود وەرگرتن نابن.

کۆمپانیای کانون کە بێگومان دەزانن یەکێکە لە کۆمپانیا سەرکەوتووەکانی بواری بەرهەمهێنانی کامێرا، لەم دواییەدا کامێرای جۆری EOS ٦٠Da بۆ ئەستێرەناسان و زانستخوازانی بواری ئەستێرەناسی بەرهەمهێناوە. ئەوانەی حەز دەکەن لەبری وێنەی گوڵ و گیا و وێنەی هەسارەو ستێرەکان بگرن کامێرای ٦٠Da کامێرایەکی گونجاوی ئەو بوارەیە.

کامێراکە ١٨ میگاپیکسلە، لەگەڵ تەلەفزیۆن پەیوەند دەدرێت. هەروەها ریموت کۆنترۆڵێکی تایبەتی لەگەڵدایە.

# کۆمپانیای سۆنی و کامێرایەکی نوێ



کۆمپانیای سۆنی لەم ماوەیەدا نوێترین کامێرای فیلم هەڵگرتنەوەی خۆی بەناوی NEX-FS٧٠٠ کە توانای تۆمارکردنی ٩٦٠ فرێم لە چرکەیەکیدا هەیە هێنایە بەرهەم. کامێرای ناوبراو چەندین توانای دیکەی لەخۆگرتووە وەك دەرخستنی بەشێوەی HD و بوونی فیلتەری ND. بەهۆی کامێرای ناوبراو دەتوانی جوڵەی لەسەرخۆ واتە (Slow motion)ی زۆر سەرنج راکێش ئامادە بکەی کە ئەو توانایە تەنیا لە کامێرای فیلمهەڵگرتنەوەی بە نرخ دایە. کامێراکە هەستەوەرێکی لەگەڵدایە کە زیاتر لە شەش ملیۆن پیکسلە.



# سایتێک بۆ فێربوونی زمان

فێربوونی زمان بۆ مرۆڤ گرنگییەکی زۆری هەیە، هەروەك ئەوەی کە لە فۆلکلۆری گەلی کوردیشدا رەنگی داوەتەوە «چەندە زمان بزانی ئەوەندە مرۆڤەی» فێربوونی زمان بە زۆر شێواز دەکرێت وەك: بەشداریکردنی کردن لە کۆرسێکی فێربووندا یان لە رادیۆ و تەلەڤزیۆن و هەروەها سوود وەرگرتن لە پرۆگرامی تایبەت بە فێربوونی زمان. یەکێکی دیکەش لەو شێوازانە، سوودوەرگرتن لە ئینتەرنێتە. گەلێك سایت هەن کە ئەرکیان فێرکردنی زمانە بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی کە وەك زمانی یەکەمی جیهان ناسراوە. سایتی www.livemocha.com سایتێکی زۆر سەرکەوتووە لەم بوارەدا نزیکەی ١٢ ملیۆن بەکارهێنەر لە ١٩٥ وڵاتی جیهان تێیدا ئەندامن، لە زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان پشتیوانی دەکات. بە تۆمارکردنی ناوی خۆت لەو سایتەدا دەتوانی لە خولەکانی فێربوون بەشێوەی دەنگ و رەنگ و نووسین فێری زمان و رێنووسی زمانی مەبەستت بیت، هەروەها دەتوانی لەگەڵ ئەندامانی دیکەی سایتەکە بەشێوەی ئۆنلاین چات بکەی.

# پرۆگرامێکی گرنگ بۆ پرێنت کردن

پرێنت Print بە مانای کرداری خستنە سەر کاغەزی ناوەڕۆکی سەرشاشەی کۆمپیوتەر بۆ سەر کاغەز دێت. Printer بەو ئامێرە دەگوترێت کە ئەو کردارە ئەنجام دەدات. لە کرداری پرێنت کردندا تێچووەکە هەر کاغەزەکە ناگرێتەوە، بگرە حیبری پرێنتەرەکە زۆر گرانبایی ترە، پرۆگرامێکی تایبەت بە پرێنت کردن بەناوی priprinter pro ئەو پرۆگرامەیە کە ئەرکی پرێنتکردنەکە بە باشی بەڕێوە دەبات، بۆ نموونە ئەگەر حەزدەکەی دوکیۆمێنتەکەت بەر لە پرێنت کردن ببینی، هەندێك لە هەڵەکانی باش بکەی، بەو پرۆگرامە دوکیۆمێنتەکەت بە شێوەی سێ رەهەندی دەبینی.

پرۆگرامەکە لەگەڵ زۆربەی پرێنتەرەکان دەگونجێت. دوای دابەزاندنی پرۆگرامەکە درایڤێکی مەجازی لە ویندۆزەکەت دروست دەبێت و دەچیتە ریزی پرێنتەرەکان، ئێوە بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانن دەستکاری کردنی دەقەکان و گۆڕینی فۆنتەکان، گەورەکردن، لابردنی شوێنی بەتاڵ بکەی، هەروەها دیاریکردنی سایزی پەراوێزی دەقەکان، دانانی شێوەی ئەندازەیی ئەنجام بدەی.



# ئامێرێک مۆبایلە هۆشمەندەکان دەکاتە کۆمپیوتەر

کۆمپانیای sanwaی ژاپۆنی کە ئامێری دیجیتالی تایبەت بە مۆبایل و کۆمپیوتەر بەرهەم دێنێ، لەم ماوەیەدا ئامێرێکی بەرهەم هێناوە کە بە sanwa USB Reader/dock ناسراوە، ئامێری ناوبراو لەگەڵ گشت ئەو مۆبایلانە پەیوەند دەدرێت کە لە کەلێنی mien USB سوودوەردەگرن، بۆ نموونە مۆبایلی سۆنی ئەریکسۆنی هۆشمەند و سامسۆنگی هۆشمەند.

بەهۆی ئامێرەکەوە مۆبایلەکە لەگەڵ کیبۆرد و پرینتەر و کامێرا و هەر ئامێرێکی کە سیستەمی USBی هەبێت، پەیوەند دەدرێت. ئامێرەکە بە تەنیا کەلێنی USB نییە، بەڵکو پۆرتی HD ،SDیشی هەیە کە تایبەتە بە کارتی میم






خوێنەرێکی بەڕێزی فایلی IT پرسیاری ئەوە دەکات کە ئایا لە پرۆگرامی وۆرد بۆ نموونە ئەگەر دەقێکمان هەبێت و تێکەڵاو بێت، لەگەڵ وێنە و جەدوەل و شتی دیکە نیازمان هەبێت لەکاتی کۆپیکردندا تەنیا دەقەکە کۆپی بێت و وێنە و جەدوەلەکان کۆپی نەبن، چ کارێك ئەنجام بدەم؟ ئایا ئەوە دەکرێت؟

خوێنەری بەڕێز، بەڵێ لە پرۆگرامەکانی سەر بە ئۆفیسی مایکرۆسۆفت وەك word یا excel یا پاوەرپۆینت. ئەمە بە ئاسانی جێبەجێ دەبێت. ئەگەر نیازت هەبێت بە تەنیا دەقەکان کۆپی بکرێن، پێویستە لەکاتی past کردندا، فەرمانی خوار past واتە past special دابگری، لەودا ویندۆیەك دەکرێتەوە، کە چەندین فەرمان لەخۆی دەگرێت، گەر نیازت هەبێت تەنیا دەقەکە دابندرێت، فەرمانی text Unformatted دابگرە. ئەوکات تەنیا دەقەکە کۆپی دەبێت..

# چ هۆکارێک دەبێتە هۆی زوو تێکچوونی لاپتۆپەکەت



کۆمپیوتەری جۆری لاپتۆپ شوێنگرەوەیەکی باشی کۆمپیۆتەری سەرمێزن، گشت ئەرکەکانی کۆمپیۆتەری سەرمێز ئەنجام دەدەن، بەڵام جیاوازی سەرەکی ئەوان لەگەڵ کۆمپیوتەری سەرمێز لەوەدایە کە لەبەرامبەر کەشوهەوا وەزعیەتی نالەبار کەمتر خۆراگرترن.


هۆکارێکی گرنگ کە لاپتۆپ زوو تێکدەچێت ئەوەیە کە بەردەوام لەبەردەستدایە و ئەوەیش دەبێتە هۆی زوو پیسبوونی لاپتۆپ، پیسبوونیش بێگومان هۆکارێکە بۆ تێکچوون بۆیە هەمیشە هەوڵ بدە لاپتۆپەکەت بە خاوێنی رابگری، نەك بیکەی بە ژێرجگەرەیەك و سەتڵی زەبڵ.

هۆکارێکی دیکە زۆر بەکارهێنانی ئەو تەچ پەیدەیە کە لەبری ماوس سوودی لێوەردەگیرێت، (تەچ پەید) راستە شوێنگرەوەی ماوسە، بەڵام بەو مانایەش نییە کە ماوست بۆ هەمیشە وەلانابێ، نا دەبێ ماوست هەمیشە لەگەڵدابێ و ئەگەر نەگونجا (تەچ پەید) بەکار بێنی.

هۆکارێکی دیکەی تێکچوونی لاپتۆپ هەڵکردنییەتی بۆ ماوەیەکی زۆر، ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر هەڵیدەکەن و دەشزانن کارەبا نارِوات پێویستە باتری لاپتۆپەکە دەربهێنرێت.

DVDی رایتەری لاپتۆپ وەك DVDی رایتەری کۆمپیوتەر زۆر بەهێز نییە، بۆیە هەتا دەکرێ بۆ کاری کۆپی کردن سوودی لێوەرمەگرن. لەبەری ئەوە DVDی رایتەرێکی دەرەکیتان هەبێ کە گەر تێکیشبچێت گرفت بۆ لاپتۆپەکەت دروست نابێت. هەروەها نابێ هیچ کاتێك لەکاتی کوژاندنەوەی لاپتۆپدا DVDی تێدا بەجێ بمێنێ.

# لە گوگل ئارتدا دەتوانی سی هەزار تابلۆی ناوازە ببینی




ساڵێك دەبێت کە پرۆژەی هونەری گوگل بەناوی (Google art project) دەستی بەکار کردووە کە ئەوکات نزیکەی هەزار بەرهەمی هونەری لەخۆگرتبوو، ئێستا ئەو رێژەیە زۆر زیاتر بووە و گەیشتۆتە سی هەزار بەرهەمی ناوازەو بە نرخ. گەر تۆ یەکێکی لە ئۆگران و لایەنگرانی هونەر و بە ئاواتی تابلۆ بەناوبانگ و ناوازەکانی جیهان لەنزیکەوە ببینی، دەتوانی لە گوگل ئارتدا بە باشترین کوالیتی سەیری بکەی. لەسەرەتادا تەنیا ١٧ مۆزەخانەی تێدابوو، ئێستا نزیکەی ١٥١ مۆزەخانە و گەلەری تابلۆ بەناوبانگەکان لە چل وڵاتی جیهانی لەو پرۆژەیەدایە.